# هێرمۆنێتیک لای
# هایدیگەر و
# گادامەر

لە ئینگلیزییەوە: شوان کەمال



لە پێناسەیەکی سەرەتاییدا هێرمینۆنتیک، واتە زانستی ڕاڤەکردن، تیۆری و میتۆدۆلۆجیی ڕاڤەکردن، بەتایبەتی ڕاڤەی تێکستی کتێبی پیرۆز، تێکستی ئەدەبی، تێکستی فەلسەفی و ...هتد. هێرمینۆنتیکی مۆدێرنیش پێکهاتوە لە هەر دوو گەیاندنی زارەکی و نازارەکی، هەر وەک سیمیۆتیک، پێشەکیی وادانان، پێشتێگەشتن.

ئێستا چەمکی هێرمینۆنتیک بەفراوانی بە سەر کارە مرۆییەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەت یاسا، مێژوو و تیۆلۆژیادا. پێشتر هێرمیۆنتیک بە پلەی یەکەم خۆی دەبینییەوە لە ڕاڤەکردن یان تەفسیر (interpretation) (exegesis)کردنی پەڕاوی پیرۆز، دواتر فراوانتر بوو بۆ پرسیارە گشتییەکان لە سەر ڕاڤەکردن. هەر دوو زاراوەی هێرمینۆنتیک و تەفسیر (exegesis) هەندێک کات ئاڵوگۆڕیان کردوە و گۆڕاون. هێرمیۆنتیک دیسپلینێکی فراوانە کە نووسین و پێوەندییە زارەکی و نازارەکییەکان دەگرێتە خۆ. تەفسیر بە پلەی یەکەم فۆکەس دەخاتە سەر وشە و ڕێزمانی تێکستەکان. هێرمینۆنتیک وەک ناوێکی تاک ئاماژەیە بە چەند میتۆدێکی تایبەت بە ڕاڤەکردن.

مارین جەی دەڵێت، مانای هێرمینۆنتیک ڕەچەڵەکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان، واتە یۆنانی کۆن، کە ئاماژەدانە بۆ خوای هێرمز، واتە ڕزگارکەر یاخود بڵاوکەرەوەی نامەی ئاسمانی یاخود نامەی خودایی. بەزۆری بۆ دڵنیاکردنەوە بوە لە فۆرمەکانی ئاڵۆزی و تەمومژی، غەیبی، شتە دوو مانا و فرەماناکان. هێرمینۆنتیک هەڵگر و پارێزەری پێشوەختەی جەختکردنەوەیە لە وتە یان لە قسە کە کۆکەرەوەی مانا و مەغزای ترە، لە شێوازی ڕاڤەکردن، وەرگێڕان و لێکدانەوەدا.

دەکرێت ڕەچەڵەکی هێرمینۆنتیک بگەڕێنینەوە بۆ یۆنانییەکان کە وەک پەیامبەری خودا ناساندبوویان، بەڵام وشەی هێرمینۆنتیک مانای ڕاستەقینەی ناوێک نەبوە بۆ ڕاڤەکردن، تا چەند سەدەی دواتریش. لە سەدەی 1500 کاتێک ریفۆرمی پرۆتێستانتەکان کرا، هێرمینۆنتیک گەشەی کرد وەک ڕێگایەک بۆ ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز. لە مۆدێرندا بەتەواوی لای هایدیگەر و گادامەر گەشەی کرد و گەیشتە ترۆپک.

## هایدیگەر (1889ـ1976)

لە سەدەی بیستەمدا، مارتین هایدیگەر، فەلسەفەی هێرمینۆنتیکی گۆڕی و فۆکەسی خستە سەر ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە بوون (interpretation (to existential understanding وەک ڕەگێکی بنچینەی ئۆنتۆلۆجی، کە مامەڵەی زۆری لەگەڵ کراوە ڕاستەوخۆ و زۆر ڕاستگۆیانە، ڕێگای بوون لە جیهاندا زیاتر وەک «ڕێگای زانین» بۆ نموونە ئەو پێی دەگوت «هێرمینۆنتیکی تایبەتی سۆزیاری» بۆ تواندنەوەی پرسی فەلسەفەی کلاسیک «بۆ عەقڵەکانی تر» بە دانانی ئەم پرسە لە کۆنتێکستی بوون -لەگەڵ پەیوەستبوون بە مرۆڤ-.

پێشنیارکردنی ئەم بۆچوونە بانگەشەیەکە کە هەندێک لە تێکستەکان خەڵک دروستیان دەکەن و ناتوانن بیانخوێنن، لە ڕێی بەکارهێنانی هەمان میتۆدی زانستی کە بە کاریان هێناوە لە زانستی سروشتیدا. تا مەودایەک کە ئاڵوگۆڕی پێوەندی روونی کرد لە بیرۆکەی هایدیگەر بایەخ دەدات بە پێوەندیی ڕاستیی پشتپێبەستی ژیان و مانای بوون، لە ڕاستیدا زاین وەک بوون لە جیهاندا. شیکردنەوەی هایدیگەر بۆ واقعیبوون (facticity) گەشەیەکی باشی وێنەی ژیانی مرۆڤی کرد و قسەی کرد کە هەمیشەی بە دەوڵەمەندی وەسفی لە ناو بوون و کاتدا دەکات.

هایدیگەر لە کتێبی (بوون و کات) دا، دەیەوێت بە دوای پرسیارکردن لە سەر بوون بڕوات و وەڵامێکی دەست بکەوێت. هایدیگەر پێی وایە ئەو ڕاڤانەی بۆ مرۆڤ کراون ناکامڵن، بۆیە دەیەوێت ڕاڤەی نوێ بکرێت بۆ بوون ئەو ناکامڵییەیش تەوا بکات. لەگەڵ



**هەر دوو زاراوەی هێرمینۆنتیك و تەفسیر، هەندێك كات ئاڵوگۆڕیان كردوە و گۆڕاون. هێرمیۆنتیك دیسپلێنیێكی فراوانە كە نووسین و پێوەندییە زارەكی و نازارەكییەكان دەگرێتە خۆ. تەفسیر بە پلەی یەكەم فۆكەس دەخاتە سەر وشە و ڕێزمانی تێكستەكان**

ئەوەی بوونی مرۆڤ بەشێکە لە بوونی کەون و پێکهاتەی جیهان و دیاردەکانی.

بە بۆچوونی هایدیگەر مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە لە بوونی خۆی تێ دەگات، ئەم تێگەییشتنەیش لە هیچەوە نەهاتوە، کەواتە گەر مرۆڤ لە بوونی خۆی تێ بگات، دەبێت لە مەرگی خۆیشی تێ بگات. هیچ کەسێک ناتوانێت لە شتێک تێ بگات، گەر بەرداشی وردی نەبێت دەربارەی ئەو شتەی کە دەیەوێت لێی تێ بگات.

هایدیگەر لە سەر ڕاڤەکردن دەربارەی ڕاستیی مرۆڤ، ڕاستیی بوون، و ڕاستیی مەرگ هەوڵ و هەنگاوی زۆری ناوە.

تیۆرەکەی هایدیگەر زۆر قوڵ بوو لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە بوونی مرۆڤ، هەمیشە ئەو گەڕاوەتەوە بۆ ڕووی ناوەوەی دیاردەکان، بۆیە مرۆڤ لای ئەو، ئەو ساتە ئۆنتۆلۆژیەیە کە لە پەرەسەندنێکی بەردەوام دایە و گەشە دەکات و زەمەنەکەیشی زەمەنی ڕەتکردنەوەی ئۆنتۆلۆژیای خودی خۆیەتی. لای هایدیگەر بە دوایەکداهاتنی بوون و مەرگ، بوون و زەمەن بەدوایەکداهاتنی ئەو ساتانەیە کە تێیدا چەمکەکان ڕووەو ئاشکرابوون دەچن. گرینگترین چەمکێک کە هایدیگەر زۆر لێی ورد دەبێتەوە ‹‹دازاینە››، ئەو پێی وایە ئەم وشەیە، ئەو بوونەیە کە بە بوونی خۆی دەتوانێ پێوەندی دروست بکات.

هایدیگەر بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ مەسەلە پەنا دەباتە بەر شیکردنەوە، بۆیە وشەی ‹‹دازاین›› وەک بوونگەرێتی ڕاڤەی دەکات.

## گادامەر (1900_2002)

گادامەر فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە لە ساڵی 1960 بە یەکێک لە کارەکانی بە ناوی ‹‹ڕاستی و میتۆد›› لە سەر هێرمینۆنتیکا ناسراوە. بایەخی سەرەکیی داوە بە میتافیزیکا، ئیپستیمۆلۆجی، زمان، ئۆنتۆلۆجی، ئیستاتیک و فەلسەفەی هێرمینۆنتیک.

لای گادامەر تێگەییشتن هێرمینۆنتیکە. فەلسەفەی هێرمینۆنتیک شێوازێک نییە بۆ تێگەییشتن، بەڵکوو پرۆسەیەکی تێگەییشتنە. تێگەییشتنیش پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانەوە نییە، بەڵام پرۆسەیەکە لە ئەنجامدا بەرهەمی هەیە. پرۆسەی ڕاڤەکردن گونجاوە بۆ پراکتیککردنی تێگەییشتن. مەشق کاری سەرەکیی گادامەری فەیلەسووف و مامۆستایە. زاراوەی دیالێکتی (dialectical)، کە مانای هاتنوچوون وەک گفتوگۆ دەدات. کاتێک کە گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ خەڵک دەمانبات یان بەرزمان دەکاتەوە بۆ ئاستی بیرکردنەوەی بیرۆکەی نوێ، دەتوانین گفتوگۆ و مشتومڕی تابلۆ، مۆزیک، هونەری هەڵکۆڵین، و زیاتریش بکەین. ‹‹پرسیاری پرسیار» کاتێک پرسیارە باشەکان دەکرێن، ئەوا مەعریفەی نوێ دێنە بەرهەم.

پێکداچوونی ئاسۆی، ئاسۆی زمانەوانییە، ئاسۆی سەبژێکتیش ساتێکی مێژووییە، بیرۆکەیش زمانی بیرۆکەی ناوەوەیە، سەبژێکتیش بابەتێکی ناوەوەیە. تێگەییشتن بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕووداوێکی مێژووییە. ‹‹هەڵوێستێکی بێلایەن نییە›› لەو تێگەییشتنانەی کە ڕوویان داوە یان نووسراون- تێگەییشتن جێگیر نییە، بەڵکوو لە گۆڕاندایە. ‹لە کاتی خوێندنەوەی تێکستێکدا، ئێمە لێی تێ دەگەین، نەک لە ڕێی ڕیزکردن و ڕێخستنی وشەکانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕێدان بە ئاسۆی تێکستەکە بۆ پێکداچوون یان تێهەڵکێش بوون بە ئاسۆی خوێنەرەکە لە ڕێگایەک کە خوێنەر کاریگەر بوە بە تێکستەکە. ‹‹ناتوانین ئاسۆکانمان بە جێ بهێڵین، نە بشبێت بە خوازراو وەک کاریگەریی مێژووی هەمیشە پشت دەبەستێت بە ڕاڤەی نوێ››.

غەمی حەقیقی گادامەر فەلسەفییە، نەک چ کارێک دەیکەین یان پێویستە دەبێت چی بکەین، بەڵام چی ڕوو دەدات بۆ ئێمە لە سەروو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت و دەیکەین.

بە پێی دیکارت، دەستەلاتی عەقڵ، تەنها دەستەڵاتی حەقیقییە، حەقیقەت دەتوانرێت بدۆزرێتەوە لە ڕێی میتۆدی زانستییەوە. دیکارت میتۆدی زانستی بە سەر بیرۆکەی فەلسەفیدا جێبەجێ دەکات: من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم. ئەو ناتوانێت بە گومان بێت کە ئەو بە گومانە. -کردنەوەی دەرگایەکی نوێ داخستنی دەرگایەکی پێشوە- چۆن بزانین کە چیرۆکەکانی بایبڵ ڕاستن یان ڕاست نین بە پێی میتۆدی زانستی.

## چەمکی ئەزموونی هێرمینۆنتیکی

لە پێناو خۆڕزگارکردن لە زیندانی زمانێک، گادامەر پێشنیاری ئەوە دەکات کە هۆکارە مرۆییەکان پێویستە لە سەریان ئەزموونی هێرمینۆنتیکی بگرنە ئەستۆ. ئەزموونی هێرمینۆنتیکی ڕاستە بەو مانایەکە هۆکاری بیرکردنەوە ڕا دەکات لە زیندانی زمان و خودی خۆی زانستی زمان پێک دەهێنێت... بەدڵنیاییەوە جۆرەکانی زمان ئامادەگییان هەیە بۆمان لەگەڵ کێشەکاندا، بەڵام ئەم کێشەیە بەسانایی، چۆن هەموو زمانێک پێچەوانەی خۆی جیاوازە لە زمانەکانی تر، بەتوانایە بۆ گوتنی هەموو شتێک کە بیەوێت بیڵێت... پاشان ئێمە دەپرسین چۆن، لە نێوان جۆرەکانی فۆڕمی ئاخاوتندا، تا ئێستا هەمان یەکێتیی بیرۆکە و قسە هەیە، بۆ ئەوەی هەموو شتێک بڵاو ببێتەوە لە نووسیندا بتوانرێت تێگەییشتبێت.

گادامەر دووبارە پێناسەی لێکۆڵینەوە و پشکنینی هێرمینۆنتیک دەکاتەوە: لە ناو چوارچێوەی هێرمینۆنتیکی زمانەوانی و وجودیدا زۆر دوور نییە بەسانایی کردەیەک ببێت بە پردی هەستی دووری و مەوداکان لە ناو تێکستدا، بەتایبەتی تێکستە مێژووییەکان، دەری دەخات کە لە حەقیقەتدا چی ڕوویان داوە لە ڕابردوودا، هەر وەک ڕانک داوا دەکات؛ بەڵام بۆ «پێکداچوون، توانەوە» ئاسۆکانی خوێنەر و نووسەر. ئەمە ئەوە بوو کە گادامێر پێی دەگوت ‹‹پێکداچوونی ئاسۆیی».

بە ئاسۆیانە، گادامەر ئاوا وەسفی دەکات، مەودای بینین کە هەموو شتێک لە خۆ دەگرێت کە دەتوانێت ببینرێت لە خاڵێکی بڵندی تایبەتەوە.›› هەر چەندە، ئاسۆی تاکەکان بەش بەشن و ناتەواون. سەرەڕای ئەوەیش ئەوانە کراوەن و دەگۆڕێن؛ ئێمە دەگەڕێن بۆ ناویان و ئەوان بەدەوریاندا دەخولێنەوە و دەجووڵێن».